# شەونم

هۆنراوەی (٧٣)

حاشا کە من بە موسم گل ترک می کنم

فەسڵی گوڵ و بەهارە چلۆن تەرکی مەی دەکەم
من زیت و ژیر و عاقڵم ئەو کارە کەی دەکەم
موتریب لە کوێیە پێی بڵێ ئەو بەرهەمەی هەمە
خەرجی بەڕێوە جوونی دەف و دەنگی نەی دەکەم
جاڕز بووە دڵم لە وت و وێژی مەدرەسە
لەوڕۆ دواوە خزمەتی مەعشووق و مەی دەکەم
کەی بوویەتی زەمانە وەفا ، بێنە جامی مەی
ئەوچەل حیکایەتی جەم و کاووسی کەی دەکەم
حەی حەی ئەمن لە نامە بترسم قیامەتێ؟
نامەی سیام حەواڵە بە بەخشینی حەی دەکەم
کوا بای بەیانی تاکوو مەراقی شەوی فیراق
بۆیار بەرێ و بڵێ گلەیی ئەوشەوەی دەکەم
کاتێ گڵم لە رۆژی ئەزەلدا لە باتی ئاو
تێکەڵ بەمەی کراوە، چلۆن تەرکی وەی دەکەم
یار ئەو گیانە عاریە دابووی بەحافزی
رۆژێکی تووشی دێم و ئەدای عاریەی دەکەم

حافزی حەقیقی